Middle East Research Institute

www.meri-k.org

13 تەموز 2020 – بەرگی 4، ژمارە 41

سەرنجی سیاسی

**مایکل نایت**

# کوردستانی عێراق: کارە پێشینەییەکان لە نێوەندگیری نێودەوڵەتیدا

*دەستوەردانی ئەمەریکا عێراقی لە دیکتاتۆریەتەوە گواستەوە بۆ دیموکراسیەت (کە ناتەواوە، هەروەك هەموو دیموکراسیەتەکان)، بەڵام دەکرێ گواستنەوەیەکی دیکەی مەزن ئەوەبێ کە ئەمەریکا هاوکاربێ لە داهێنانی عێراقێك کە لەگەڵ سەرجەم پێکهاتەکانی لە ئاشتەواییدا بێ، پێش هەمویا پێکهاتە کوردەکەی. ئەو پرۆسەیەش دەکرێ وە دەبێ لە ئێستاوە بە زووترین کات دەست پێ بکات. پێویستە پارتی و یەکێتی بەرەو ئاراستەی هێورکردنەوی ببرێن بەجۆرێك کە هەرێم بە یەك دەنگی هاوئاهەنگ لە بەغدا و لە نێو هاوبەشە نێودەوڵەتیەکان قسە بکات.*

لەو دە ساڵەی رابوردوودا، هەرێمی کوردستان کۆمەڵێك قەیرانی بەخۆوە بینیوە، لەوانە بڕینی بودجە، هێرشی داعش بەسەر هەولێر، دابەزینی نرخی نەوت بۆ نیوەی جارانی (بۆ جاری دووەم) وە شەڕی چەکداریی لەگەڵ حکومەتی عێراق لەسەر کەرکوك. ئیمڕۆ هەست دەکەیت بارودۆخەکە جیاوازە و بگرە خراپترە لە قەیرانەکانی پێشتر: پەتای کۆرۆنا لە ئارادایە، نرخی نەوت لە عێراق و لە هەرێمدا پاشەکشەی کردووە، کرژی هەیە لەگەڵ ئێران و تورکیا، وە بێزاریەکی شاراوەی دژ بە کورد لەنێو پەرلەمانتارانی بەغدا دروست بووە .

بەڵام ئەوەی وایکردووە کە ئەو کاتوساتەی ئێستا مەترسیدار بێ بریتیە لە نزیکە هەڵوەشانەوەی هاوکاری نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتیمان کوردستان. کوردەکانی عێراق نیشانیان داوە کە لەو کاتانەی یەکگرتوو بوونە، توانیویانە هەموو جۆرە زریانێك تێپەڕێنن. کاتێك ئەو دوو لایەنە بە چاکی کار لەگەڵ یەکتر دەکەن، هاوبەشە نێودەوڵەتیەکانی هەرێمی کوردستان پشتگیریەکانیان بە کاریگەرانەتەر پێشکەش دەکەن، وە بە پێچەوانەشەوە کاتێك هاوبەشێکی تەبا نابینن بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ هەرێمی کوردستان، ئەواپاشەکشە دەکەن. بیرەوەری کۆمەڵگای نێودەوڵەتی سەبارەت بە شەڕی ناوخۆی نەوەدەکان دۆزی کوردی لە دوو هەزارەکان بنکۆڵ کردووە، ئەوەش لە کاتێکدا یەکە مەزنترین دەرفەتی خودموختاری کەوتووەتە بەردەمیان .

رووبەرەو پێشەوە، بە روونی دیارە کە ئایندەی عێراق و هەرێمی کوردستان لێك بەستراوە. ئەگەر ئابووری عێراق و دراوەکەی بڕوخێن، ئەوا هی کوردستانیش بە هەمان شێوە دەبن. ئەگەر خەڵکی کوردستان برسی ببن، ئەوا گلەییەکە لە بەغدا دەکرێ. ئەگەر داعش بێتەوە، ئەوا یەکەمجار لە ناوچە جێناکۆکەکانی نێوان عێراقی فیدراڵی و هەرێمی کوردستان سەر هەڵدەدات. سەرکەوتنی پۆڵەسی ئەمەریکی لە عێراق سەرکەوتنی سەرجەم پازدە پارێزگاکانی عێراقی فیدراڵی و هەرێمی کوردستانە، نەك یەکیان وەیان ئەوی دیکەیان .

دیالۆگی ستراتیژی نێوان ئەمەریکا و عێراق لە هاوینێکی درەنگدا بەردەوام دەبێ، بەو هیوایەی کە سەردانی سەرکردەکانی عێراق بۆ واشینگتن لە بەرنامەدا بێ. ئەوەش دەرفەتێك دەرەخسێنێ بۆ دووبارە بەهێزکردنەوەی رۆڵی ئەمەریکی و هاوبەشە نێودەوڵەتیەکان سەبارەت بەو

کێشانەی ڕووبەڕووی هەرێمی کوردستان دەبنەوە. گرنگە جەخت لەسەر گرنگی ڕۆڵی دەستەجەمعی لە بابەتی یەکڕیزی هەرێمی کوردستان و پەیوەندی نێوان بەغدا و هەرێم بکرێتەوە، چونکە ئەمەریکا وەڵامی هەموو ئەو پرسیارانەی پەیوەست بە کوردستانی پێ نیە و نیازیشی نیە تەرکیزێکی زێدە بخاتە سەریان. لە کاتێکدا هێز و کاریگەرێتی ئەمەریکی زیاتر دەبێ ئەگەر هاوئاهەنگ بێ لەگەڵ هاوبەشەکانی دیکە لە کوردستان، لە نێویاندا فەرەنسی و بەریتانی و کەنەدیەکان.

لێرەدا بۆچوونێك هەیە بەوەی کە دەبێ لە چوارچێوەی ڕێکەوتنی ستراتیژی ئەمەریکی و عێراقی لێژنەیەك وەیان گروپێکی تایبەت بە کێشەکانی هەرێمی کوردستان هەبێ (وەیان لەسەر لامەرکەزیەت بێ بە گشتی)، وەیان میکانیزمێکی گشتگیر لە ئارادا بێ کە دڵنیایی بدات لەوەی هەرێمی کوردستان دەبێتە ئەندام لە گروپی کارکردن لەسەر لایەنی ئەمنی، سیاسی، ئابووری و ووزە. ئیتر لیستی ئەو بابەتانەی کە پێویستیان بە تێڕوانینە زۆر درێژە .

لەهەموویان گرنگتر، پێویستە پارتی و یەکێتی بەرەو ئاراستەی هێورکردنەوە ببرێن بەجۆرێك کە هەرێم بە یەك دەنگی هاوئاهەنگ لە بەغدا و لە نێو هاوبەشە نێودەوڵەتیەکان قسە بکات. ئەوەش کارێکی بنەڕەتیە کە کاریگەری لەسەر هەموو بابەتەکانی دیکە هەیە. پەیوەندیەکی نەیارانە لە نێوان ئەو دوو حیزبە هەموو ئەو شتانە بنکۆڵ دەکات کە پێشتر لە هەرێمی کوردستان هەوڵی بۆ دراوە، هاوکات بۆ هاوبەش و وەبەرهێنەرە دەرەکیەکانیش هاندەر نابێ. بۆشی هەیە ببێتە هۆکاری بەرەنگاربوونەوەی چەکداری لە نێوانیان و کاریگەری لەسەر هەندێ پیشەسازی وەك گواستنەوەی گازی شل وەیان قەیرانی ئەمنی هەبێ، هەروەك لە زینی وەرتێ بووە هۆی پێکدادانی چەکداری لەنێوان پێشمەرگەکانی پارتی و یەکێتی لە ناوەڕاستی مانگی ئاداری ئیمساڵ.

لە ئێستادا هیچ شتێك نیە کە بەهۆی ناکۆکی نێوان پارتی و یەکێتی بە چاکی و بەپێی پێویست ئەنجام بدرێت، هەر لە وەبەرهێنانی نەوت و گازەوە بگرە هەتا دەگاتە بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر و پەتای کۆڤید و گفتوگۆ لەگەڵ بەغدا. کارێکی ئاسان نیە کە ئەو دوو حیزبە دەتوانن بە ئاسانی ئاشت ببنەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، پێویستە ئەمەریکا و هاوپەیمانە جۆراوجۆرەکان ئەولەویەت بدەنە ئەو هەوڵانەی کە سەرکردە بەهێز و بڕیاردەرەکان لە ژوورێکدا دادەنێ بۆ ئەوەی بتوانن نزمترین ئاستی هاوکاری بدۆزنەوە و لەوێوە دەست بە دیالۆگێك بکەن، جا گرنگ نیە ئەو کارە چەند زەحمەتە لە سەرەتادا.

هەروەها پێویستە ئەمەریکا و هاوپەیمانە نێودەوڵەتیەکان هاوکاری بەغدا و هەرێمی کوردستان بکەن بۆ بەردەوامبوونی ئەو هەنگاوە ئومێد بەخشانەی کە تا ئێستا لە بواری هاوکاری سیاسی و ئەمنی و ئابووریەوە هاویشتراون. کوردەکان باش کاریان لەگەڵ حکومەتەکەی سەرۆك وەزیرانی پێشوو (عادل عەبدولمەهدی) دەکرد لە بەغدا، وە توانیان زاڵ ببن بەسەر دوودڵیەکانی پێشوویان سەبارەت بە گۆڕینی حکومەتی بەغدا و پشتگیریکردنی سەرۆك وەزیرانی نوێ، مستەفا ئەلکازیمی، کە دۆستێکی دیکەیە. بەڵام بە لای کوردەکانەوە، سەرجەم ئەو پەیوەندیانە دەکەونە سەر تەنیا یەك بابەت ئەویش مەسەلەی گەیاندنی بودجەیە.

لە مەودای دە ساڵدا و دوای چاودێریکردنی شەش سەرۆك وەزیران لە کاتی گفتوگۆ و دووبارە گفتوگۆکردنیاندا لەگەڵ کوردان لەسەر بودجە، ئەمەریکا لە نزیکەوە لە هەموو بنج و بنەوانی کێشمەکێشەکان ئاگادارە، بگرە باشتریش لە سەرکردە کوردی و عێراقیەکان خۆیان. ئەوەی هەمیشە روون بووە ئەوەیە کە سیاسەت بەسەر ئابووریەوە زاڵ دەبێ لەو گفتوگۆیانە: چارەسەرەکە سیاسیە و ژمارە و فۆرمیولاکان دەگونجێندرێن بۆ ئەوەی جێگەیان لەناو سازشەکان ببێتەوە. بۆیەش، لەوە دەچێ کە بۆ ماوەی ئیمساڵ هەرێمی کوردستان بەردەوام دەبێ لە فرۆشتنی نەوتەکەی و کۆکردنەوەی داهاتی گومرگەکان، و لە بەرامبەردا بەغدا مانگانە بودجەیەکی کەمکراوە بۆ خەزێنەی هەرێم دەنێرێ، کە هەروەك ئەوەی کە لە دوو ساڵی ڕابوردوودا ئەنجامدراوە. دوای گفتوگۆیەکی زۆر، لایەنەکان دێنەوە سەر هەمان ئەو خاڵەی کە لێیەوە دەستیان پێکردووە .

ناکرێ ئەو شێوازەی دووبارەبوونەوەی قەیرانی بودجە بەردەوام بێ، لەبەر دوو هۆکار. یەکەمیان، بەرەنگاریی ساڵانە لە بەغدا پرۆسە ئاڵۆزەکانی دانانی بودجە ئاڵۆزتر دەکات، و لەگەڵ هەر خولێکی قەیران و گفتوگۆدا پەرلەمانتارە عێراقیەکان لەبەرامبەر ئابووری هەرێمی کوردستان توندتر دەبن. دووەم: پارتی و یەکێتی هەروا دێ زیاتر شەڕیانە لەسەر میکانیزمی دابەشکردنی داهات، کە سلێمانی داوای گواستنەوەی بودجە دەکات ڕاستەوخۆ لە بەغداوە وەیان داوای گەرەنتی دەکات کە بەشە بودجەکەی بە دادپەروەرانە بۆ دەچێت .

پێویستە ئەمەریکا و هاوپەیمانە نێودەوڵەتیەکان پشتگیری لە ڕێکەوتنی درێژمەودای چەندین ساڵە بکەن کە سەرکردە باڵاکان پێوەی پابەند بن، واتە سەرۆك وەزیرانی عێراق کە نوێنەرایەتی کوتلەیەکی گەورەی سیاسەتی عێراق دەکات و سەرکردە بڕیاردەرەکانی پارتی و یەکێتی. ئەوە هۆکارێکی دیکەیە بۆ ئەوەی هەردوو حیزب لە بەرزترین ئاستی سیاسیدا بەیەکەوە دانیشن. ئاستە خوازراوەکەی بودجە کە بەغدا و هەرێم لەسەری ڕێککەون لە دەوروبەری هەشت سەد میلۆن دۆلاری مانگانەیە، وە پێویستی بەوەیە کە پارتی و یەکێتی لەسەر کەمکردنەوەی خەرجیەکانی حکومەت (وەك مووچە و خزمەتگوزاریە کۆمەڵایەتیەکان و دەرماڵەکان) هەتا ڕادەی سەدا سی ڕێککەون، بەبێ ئەوەی گلەیی لە یەکتر بکەن وەیان بابەتەکە بە سیاسی بکەن. پێویستە ئەمەریکا و هاوپەیمانە نێودەوڵەتیەکان فشارێکی بەهێزی بەڵام بە نیەتچاکی بخەنە سەر هەرێمی کوردستان بۆ ئەوەی وەزیرێکی تایبەتمەند و توا پێدراو بۆ سامانە سروشتیەکان دابنێن تاوەکو متمانە بگێڕێتەوە بۆ وەبەرهێنەرانی بواری ووزە، کە دەبێتە هێمایەکیش بۆ وەبەرهێنەرەکانی بوارەکانی دیکەی غەیری ووزە لە هەرێمی کوردستان.

دەکرێ لە چوارچێوەی شەڕی دژەتیرۆردا سەرکەوتنێکی خێرا بۆ هاوکاری نێوان بەغدا و پارتی و یەکێتی بەدەست بهێندرێ. دەزگای دژەتیرۆری عێراقی، بەڕێوەبەرایەتی دژەتیرۆری سەر بە پارتی و گروپی دژەتیرۆری سەر بە یەکێتی سێ ڕێکخراوی زۆر پرۆفێشناڵن و لە نزیکەوە کار لەگەڵ هاوپەیمانە نێودەوڵەتیەکان دەکەن لە دژی داعش. ئەوانە پێشتر کاریان بەیەکەوە کردووە و دەتوانن بە ئاسانی لە ناوچە جێناکۆکەکان کار لەگەڵ یەکتر بکەن. دەکرێ تەرکیزی یەکەمی پێکهێنانی سەنتەری هاوکاری و کاری دژەتیرۆری هاوبەش لەسەر ئەو دەزگا نایابانە و لقی زانیاریەکان بێ، لەجیاتی تەرکیز لەسەر ڕێکخراوە سەربازیە گەورەکانی وەك لەشکری عێراق و پۆلیسی فیدرالی و پێشمەرگە.

دەکرێ یەکێك لە سیمبولە گرنگەکان بۆ هاوکاری نێوان بەغدا و هەرێم لە بواری وەبەرهێنان بێ لە جێگیرکردنی فرۆکە جەنگیەکانی F-16 ی عێراقی (بۆ ماوەی کورت کورت) لە فرۆکەخانەکانی هەولێر و سلێمانی. ئەو فرۆکە شەڕکەرە بۆمهاوێژانە تا ڕادەیەکی ترسناك وەك دار عەسایەك بینراون کە ڕەنگە بەغدا لە دژی کوردانی بەکار بێنێت، بەڵام ئەو کۆمەڵە فرۆکانە و تەکنیکارە ئەمەریکیەکانی کێشەی بەردەوامبوونیان هەیە لە بنکەی بەلەد کە دەورە دراوە بە چەکدارانی پشتئەستوور بە ئێران. ڕەنگە بیرۆکەیەکی باش بێ کە بەشێکی فلیتی F-16 لە کەشێکی کارکردنی سەلامەتدا لە هەولێر و سلێمانی بخولێندرێنەوە، هەروەك فرۆکە جەنگیەکانی ئیتاڵی کردیان بە بەشداریەکی بچووکی یورۆفایتەرەکان لە کاتی شەڕی دژ بە داعش .

ڕێچکەی هاوبەش لەو بژاردانە ئەوەیە کە بە گەورەیی بیر بکەیتەوە لە پەیوەندیەکانی نێوان بەغدا و پارتی و یەکێتی، وە یاریکەرە نێودەوڵەتیەکان هاندەر و پشتگیریکەری بیرکردنەوەی نوێ بن. لە ئێستادا هەرێمی کوردستان ڕووی بەرەو لێژی دەخولێتەوە دوخولێتەوە، وە کەمتر جێگیرە و کەمتر سەرنج ڕاکێشە وەك کەشێکی گونجاو بۆ وەبەرهێنان، ئەوەش بەهۆی ئەوەی کە سەرکردە کوردەکان ڕێگەیان بە خۆیان داوە کە بە هۆی سیاسەتی شەخسیەوە لێك بترازێن. دەستوەردانی ئەمەریکی لە عێراق لە ساڵی 1991 بووە هۆی ئازادکرنی کوردەکانی عێراق، وە دەستوەردانەکەی ساڵی 2003 وایکرد کە ئەمەریکا داوا لە هەمان ئەو کوردانە بکات کە بە گەرەنتی ئەمەریکیەوە بینەوە بە بەشێك لە عێراق. ئێستاش کاتی هاتووە کە ئەو گەرەنتیانە بخرێنە بواری جێبەجێکردنەوە. دەستوەردانی ئەمەریکا عێراقی لە دیکتاتۆریەتەوە گواستەوە بۆ دیموکراسیەت (کە ناتەواوە، هەروەك هەموو دیموکراسیەتەکان)، بەڵام دەکرێ گواستنەوەیەکی دیکەی مەزن ئەوەبێ کە ئەمەریکا هاوکاربێ لە داهێنانی عێراقێك کە لەگەڵ سەرجەم پێکهاتەکانی لە ئاشتەوابیدا بێ، پێش هەموویان پێکهاتە کوردەکەی. ئەو پرۆسەیەش دەکرێ وە دەبێ لە ئێستاوە بە زووترین کات دەست پێ بکات.

بەکارهێنانی وەکو سەرچاوە.مایکل نایت (2020) کوردستانی عێراق: کارە پێشینەییەکان لە نێوەندگیری نێودەوڵەتیدا، سەرنجی سیاسی. بەرگی 4، ژمارە 41

ئەم بیرو رایانەی لەم بابەتەدا خراونەتەڕوو بیروبۆچونی نوسەر خۆین و مەرج نیە کە بیروبۆچونی ئینستیتیوتی مێری بن.